
**دەنگەکان** : **ئایا ڕەنگ و هێڵ توانیوویانە مامەڵەیەکی جیاواز لە وشە لەگەڵ ئەنفالدا بکەن؟ ئاخۆ هونەری شێوەکاریی توانیوویەتی تایبەتمەندییەکی جوانناسی سەبارەت بە ئەنفال دابهێنێ؟**

**خەلیل کاکەیی:**



**ئەو شتە کەم تا زۆر لە شێوە کارێکەوە بۆ شێوە کارێک بە گوێرەی دید و بیرو بۆ چوون دەگۆڕێت ،جا یان بە دەربرینی هەستی راستەوخۆیانە یان بە شێوەیەکی نەستی دەبێت. هەرچەندە پەیامی دونیای هونەری لە سەردەمی ئەمڕۆدا زۆر دوورن لە بابەت و ناوەڕۆک و بووەتە تەکنیک و ئیستاتیکاو جوانکاری...**

**بۆیە جیاواز لە وشە,رەنگ و هێڵ لە چوار چێوەی تابلۆکاندالە دیالۆگێکی بێدەنگدابووە.**

**کارەساتی جینۆسایدکردنی نەتەوەیەک. سیاسەتێکی چەپەڵ و پیلانێک بووە بۆ پاکتاوی نەژادی...لەبەر هەندێ پێم وانییە تابلۆو داهێنان بتوانێت زمانێکی هونەری جوانناسی بخوڵقێنێ و ئەو برینە سارێژ بکات. بەسەر هاتەکە قوڵ و گەورەیە بەرەنگ،وشە،موزیک و نواندن تیمار نەکراوەو ناکرێت.**







